# شانۆگەریێکی فاشیلی فایلدار بەهرۆز گەڵاڵی

نەوزاد گەڵاڵی

دوا بەدوای ئاشکرابوونی فایلداران سەعدی پیرە و بەهرۆز گەڵاڵی و مانەوەیان لە پۆستەکانی خۆیان پەیوەندی نییە بە دەست و قامەت و ئاستی ڕۆشنبیری و هزر و تێگەیشتنی ئەم دوو دەوارە. بەلکە دەگەرێتەوە بۆ باری نالەباری کوردستان و ئەو دوو بەرەکییەی پارتی و یەکێتی، توانای مەلەکردنیان لە ئاوی لێڵ و ئەوەی تریش دەبێ بڵێم 'ئفلاسی یەکێتی' یان دەبێ نهێنییکی ئێجگار گەورەی یەکێتییان لابێت و ئاشکرا کردنی سکاندلێکی گەورەی لێبکەوێتەوە، نەوەک بە تۆزی بەر پای شەماڵی عەلی عەسکەری و مچە چاوڕەش نابن بۆ یەکێتی، کەوا ئێتسا هەر ئەسەریشیان نەماوە. هەردووکیان سەرە واوویان لە سکا نییە (فەشەلیش بوون لە خوێندن)، نەک یەک گولەشیان بەرەو ڕووی کەسێکی نا پاک نەتەقاندووە بەلکو جاسوسی مخابەراتی ڕژێمی بەعس بوونە و چییان لە دەست هاتبێ دژی کورد کردوویانە. ئەوەی لێی زیرەک بوونە ئەوە بووە چۆن خۆیان لە دەسەڵاتی ڕۆژ نزیک بکەنەوە، ئینجا بە هەر نرخێک بووبێت. یەکەم نزیکبوونەوەیان لە ڕژێمی فاشستی سەدام بووە. ئەمەیان پێویست ناکات من باسی لی بکەم، فاییلەکانیان کە لە هاووڵاتی بڵاو بوونەوە راستی بەڵگە نەویستە و خەڵک و بەتایبەتیش یەکێتی گەلێک لە عەوام چاکتر ئاگادارن. دووەمییان هەر وەک هەموو جاسوسێک تاکە شتێک فرچکیان پێگرتووە و لێی شارەزان و لە سێبەریەوە خۆیان ڕەپێش دەکەن نانەوەی ناکۆکی و خۆشکردنی ئاگری دوو بەرەکی، جنێودان و ماستاو چییاتی و مەسینە هەڵگرتن و، قسەی خۆمان بێت دەڵێن.... کردن، کاتێ لە هەولێر بوون بۆ گەورکانیان تا خۆیان ڕەپێش کرد. مەسەلە نە دژایەتی یەکێتی و نە دۆستایەتی پارتیشە، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە میکرۆبی کۆمەڵگان. نەک هەر سوودیشیان نییە بۆ بەڵکو زییان بەخشیشن بە حیزبەکانیشیان. ئەو کەسانە وەک سیسرکەی ئاودەست وانە لە هەر جێگەیێک بن و لەگەڵ هەر لاییک بن نەک کەسییان بۆ کەسب ناکەن، بەلکو خەڵک قێزییان لێ دەکەن و خەلکییان لێ دەتەکێنەوە. ئەوانە و نەوعی ئەوان چاک دەزانن و، لە کۆنە ئامیر و مامۆستاکانییان فێربوونە، کاتی بوونی ئاسایس و پەیوەندی سورشتی لە نێوان پارتی و یەکێتی جێیان لەق دەبێت، بۆیێ هەردەم لە بیری نانەوەی ئاژاوە و دانانی پلانی تێکدانی ڕیزەکانی گەلی کوردن.

دوواترین شانۆگەری فاشیل لە نووسین دەرهێنانی فایلدار (لەسەر وەزنی ڕێزدار یان هەڤاڵ) بەهرۆز گەڵاڵی و یاریگەردانی جەوهەر قەهار، لەسەر شانۆی تەلەفزیۆنی کوردسات پێشکەش کرا. بە کورتی شانۆکە بەم جۆرە دەست پێدەکات، دەڵێن، کۆنە سەرکردەی سوپایێکی پارتی چووەتە ناو یەکێتی. دەڵێ دوو هەزار پیاوی عەشیرەتی گەڵاڵی ناوچەی هەولێرم لەپشتە و هەموویان دەسەتە وەستان لە ژێر ئەمرمدان، پێیان بڵێم بمرن دەمرن. بەس مامە و یەکێتی ئەمر بکەن، هەر یەکێکیان شێری پێدەشکێنم و پارتییان پێ راو دەکەم. بەڵام لە پاداشتی ئەم کارانەم و تەفروتوناکردنی پارتی لە هەولێر، دەبێ باش بزانن من ئامۆزای بەهرۆز گەڵاڵیم و

نابێ چیدی باسی فایلە ڕەشەکانی بکەن، دەبێ یەکی سپی بۆ بکەنەوە، پلەوپایێکی باشیشی بدەنێ. لە جگایێکی دابنێن دەستی بە پارە ڕابگات چونکە دەستەکانی زۆر پاکن!! شایەد حالیش ئەوەیە کە پارە هاتە گۆڕێ لەگەڵ دوژمنیش مووی بەبەینەوە ناچێ، ئەی نەتاندیت لەگەڵ کۆنە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی پارتی، کاکی بریفکانی (ئەمیش خاوەنی نەوتوشوجاعە و فایلداریش بوو)، هەرچییان دەهاتە دەست ڕایان نەدەگرت تاکو بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خەرج بکردرێ و دەستییان پیس بکات، بۆیە شەریکوبرابەش هەر کەس بەشی خۆی هەڵدەگرت و هەر زوو لە گیرفانیان دەنا!! ئەی دەستپاکی ئەوها نەبێت چۆن دەبێت، پارە لە ناو دەستدا ماوە قرێژ هەڵدەهێنێت!! ئەگەر بە دزیشی دادەنێن دەسا خۆ شەریکی هەبووا!! نەک هەر ئەوەش، کاتێ جێگری وەزیر بوو، شەوانە زۆریش ماندوو بوون لەگەڵ کاک سەعدی کۆنە دوژمن و تازە هاوڕێی، و کاری ئیزافی تریيان پێدەکردن شەوانە! ... کورە لێمگەڕێن با نەیلێم.... ئەوەشییان بۆ ڕازیکردنی سەرکردە نوێکانییان بوو و دەتووت سایەقی تاکسین هەر پێڕادەگەییشتن شەوانەش ژن بێنن و بەرن... هایهوو، واز بێنن!!

کاک جەوهەر برای سەرکردەی شەهید، پاڵەوانی کوردایەتی، قارەمانی خۆڕاگر و بونیادگوزاری بزووتنەوەی سۆشیالیست، کاکە کاردۆ گەلاڵی یە. زۆر حەیفە کە بەهرۆزی فایلداریش ئامۆزای ئەو قارەمانە بوو. هەر لەپاش گیرانی کاردۆ بە ساڵک بە ڕێگای بەغدادا چووە نەمسا بۆ خوێندن، ڕەنگە هەر ئەو کاتیش فایلەکەی کردبێتەوە، هەر بۆیێش خوێندنەکەشی پێ تەواو نەکرا و لەویش فەشەلی هێنا (لە هەموو شێک فەشەلی هێناوە تەنها لە ناو یەکێتی نەبێ). بۆ دڵنییای یەکێتی و پارتی پێتان دەڵێم، کاک جەوهەر لە دوو کوڕەکەی و برازاکەی زیاتر یەک کەرسی تری لە دوونیە و بزنێکیش بە دەنگی ناڕەوێتەوە. ئەفرادی عەشیرەتی گەلاڵی مڵکی باوکی کەس نین و ئیعترافیش بە سەرۆک عەشیرەتەکەش ناکەن کە بەناو مارف ئاغا و بەگەکانی جافن، نەک جەوهەر و یاسین کەردزی (باوکی بەهرۆز). سەردار جاف لە هەولێر بە پشتیوانی پارتی کۆبوونەوەیێکی بەست، لە چەند کەسێک گەلاڵی هەولێر کە لە پەنجەی دەستەکان تێپەڕیان نەدەکرد، ئەوانی تر جرتییان لێبەردا و فەشەلیان بەو فایلدارەش هێنا. خەلکی گەلاڵی هەرکەس خاوەنی کەسایەتی و بیروباوەری خۆیەتی. بێلایەن و ئەندامانی هەموو حیزبەکانیان هەیە. هیچ کەسێکی گەلاڵی خۆی بە جەوهەر ویاسین نادات، خۆ باسی بێ ئابڕوویێکی وەک بەهرۆز هەر مەکەن. بەڵام ئافەرین بۆ یەکێتی بەخۆ و ئەو هەموو ڕێکخستنە و بەناو هەبوونی دەیان سەرکردە و سەدان کادری ڕۆشنبیر و لێهاتوو، دەبەنگێکی وەک بەهرۆز کلاوویان بنێتە سەر بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ و تا ئێستاش بەردەوام بێت، پاش ئەوەی فایلەکانیشی ئاشکرابوو، ئێستاش خۆیتان لێ بکاتە دەمراستی خەلکانێک کە بە قۆندەرەشی نازانن !! دەبێ ئەو ماستە نەک هەر موویێک دەبێ گامێشکیشی تێدابێت!! دەک ئەم زاتە زەریفەتان پیرۆز بێت و چاکیش بزانن بەهۆی جەوهەرەوە لەو چوار کەسە زیاتر چاوتان بە یەک کورە گەلاڵی ترتان ناکەوێت و بەلاتانەوە نایێن. کوڕە گەلاڵی لەوە بەرزترن پیسێکی وەک بەهرۆز گلاوییان بکات. هەر کەسێک لە وان لە ناو یەکێتی بن یان ببنە یەکێتیش ئەوە لە قەناعەتی خۆیەوەیانە و ئەوەش هەقی خۆیانە و تفونعلەتی بەهرۆزیش دەکەن.